هێڵی ئاسمانی عێراقی دەستپێکردنەوەی گەشتەکانی عومرە رادەگەیەنێت

کۆمپانیای گشتی هێڵی ئاسمانی عێراق دەڵێت، بە راسپاردەی راستەوخۆی وەزیری گواستنەوەی عێراق، گەشتەکانی عومرە دەستپێدەکاتەوە، ئەوەش دوای ئەوەی بەهۆی مەراسیمەکانی یادی ئەربەعینەوە، عێراق گەشتەکانی بۆ سعودییە راگرت.

ئەمڕۆ چوارشەممە ٢٠ـی ئابی ٢٠٢٥، هێڵی ئاسمانی عێراق لە راگەیەندراوەکدا کە دەستی موتەڵع کەوتووە، بڵاویکردەوە، گەشتەکانی عومرە بە رێژەی سێ بۆ پێنج گەشتی رۆژانە لە فڕۆکەخانەکانی بەغدا، نەجەفی و بەسرە جگە لە فڕۆکەخانەکانی دیکەی عێراق، بەپێی خشتەی کارپێکردنی پەسەندکراو دەستپێدەکەنەوە.

بەگوێرەی راگەیەندراوکە، پلانی زیادکردنی ژمارەی گەشتەکان بەشێوەی پلە بە پلە دەبێت، لەگەڵ دڵنیابوون لە بەرزترین ئاستی خزمەتگوزاری و ئاسوودەیی بۆ گەشتیاران، بە هەماهەنگی لەگەڵ دامەزراوە پەیوەندیدارەکانی عێراق و دەسەڵاتدارانی سعودیە، بۆ دڵنیابوون لە ئاسانی کارپێکردن و ئاسانکردنی رێکارەکانی پێشوازی لە عومرەکاران.

ئاماژەی بەوەشکرد، گەشتەکان بە فڕۆکە جۆراوجۆرەکانی هێڵی ئاسمانی، لە جۆرەکانی B777 وB787 و A330 لەگەڵ فڕۆکەکانی جۆری B737 ئەنجام دەدرێن، بە شێوەیەک کە لەگەڵ ژمارەی عومەرەکاندا بگونجێت.